# ئەگەر ئیماندار بیزانیایە خوای گەورە چەندە سزای لەلایە؛ ئەوا هەرگیز هیچ کەسێک هیوای (بە چوونە نێو) بەهەشتەکەی نەدەبوو، وئەگەر کافر بیزانیایە خوای گەورە چەندە ڕەحمەتی لەلایە؛ ئەوا هەرگیز هیچ کەسێک نائومێد نەدەبوو (لە چوونە نێو) بەهەشتەکەی

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر ئیماندار بیزانیایە خوای گەورە چەندە سزای لەلایە؛ ئەوا هەرگیز هیچ کەسێک هیوای (بە چوونە نێو) بەهەشتەکەی نەدەبوو، وئەگەر کافر بیزانیایە خوای گەورە چەندە ڕەحمەتی لەلایە؛ ئەوا هەرگیز هیچ کەسێک نائومێد نەدەبوو (لە چوونە نێو) بەهەشتەکەی».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە کۆکردنەوەی تێدایە لە نێوان هیوا وترس، ئەگەر ئیماندار بیزانیایە خوای گەورە چی سزایەکی ئامادە کردووە جا چ لە دونیا بێت یان لە قیامەت، سزاکە بۆ کافرەکان بێت یان بۆ تاوانباران ئەوا ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی ئاگادار بێت وبترسێت وبەردەوام بێت لەسەر ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان وئاسانکاری نەکات لە ئەنجامدانی تاوان وگوناهەکان ئەمیش لە ترسی سزای خوای گەورە -سبحانە وتعالى-، وئەگەر تەنها زانستی سەبارەت سزای خودا هەبووایە وزانستی نەبووایە سەبارەت بە ڕەحمەتی خوای گەورە؛ ئەوا ئەمە دەبوو بەهۆی ئەوەی بێ هیوا بێت لە ڕەحمەتی خودا ئەگەرچیش ئیمانداره، ولە بەرامبەردا ئەگەر کافر بزانێت خوای گەورە چی نیعمەت وپاداشێکی ئامادەکردووە بۆ ئیمانداران ئەوا هیوای بە ڕەحمەتی خودا دەخواست، وئەگەر ئیماندار تەنها زانستی سەبارەت بە ڕەحمەتی خودا هەبووایە وزانستی نەبووایە بە سزای خوای گەورە ئەوا نەدەترسا لە سزای خوای گەورە، بەڵام دەبێت ئیماندار هیوا وترس پێکەوە لە دڵیدا هەبێت، وخوای گەورە دەفەرموێت: {نَبِّئۡ عِبَادِيٓ أَنِّيٓ أَنَا ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ (14) وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ ٱلۡعَذَابُ ٱلۡأَلِيمُ (15)} [الحجر] واتە:{هەواڵ بدە بە بەندەکانم کە بەڕاستی هەر من لێبوردە و میهرەبانم (14) بێگومان هەر سزاو تۆڵەی منیش، سزاو ئازارێکی زۆر بە ئێشە (ئامادەم کردووە بۆ بێباوەڕ وسەرکەش ویاخیەکان) (15)}.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3908